

## د. محەمەد عومەر مەولود:

# ئەگەر پێش نووسینەوەی دەستوور مەسەلەی کەرکووک یەکلایی نەکرێتەوە دەبێت چاوەڕوانی گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان نەبین

**✿ یەکێک لەو مەسەلە گەرمانەی ئەمڕۆ بوونەتە تەوەری گفتوگۆی تەواوی گەلانی عێراق مەسەلەی دەستووری هەمیشەیی عێراقە و هەر نەتەوەیەک بە جۆرێک کار بۆ هێنانەدی و چەسپاندنی ماف و خواستەکانی دەکات، گەلی کورد لەسەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی عێراقەوە بە هیچ جۆرێک لەو دەستوورانەی بۆ عێراق نووسراونەتەوە بەشدار نەبووە ئەمڕۆ پاش پرۆسەی ئازادی عێراق ئەو هەلە بۆ کورد رەخساوە لە نووسینەوەی دەستووردا بەشداربێت و ماف و خواستەکانی بچەسپێنێ بۆ گفتوگۆکردن لەم مەسەلانە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەڕێز د. محەمەد عومەر مەولود ئەندامی دادگای تەمیزی کوردستان سازدا.**

**گفتوگۆ/ نامق هەورامی**

### کورد و نووسینەوەی دەستوور

مەسەلەی دارِشتنی دەستووری هەمیشەیی بۆ عێراقی تازە شتێکی گرنگە و دەبێت بایەخی پێبدرێت، چونکە لە ماوەی زیاتر لە هەشتا ساڵی تەمەنی عێراقدا ئەوە یەکەمجارە کورد بەشداربێت لە نووسینەوەی دەستووردا.

لە عێراقدا چەندین دەستوور نووسراون و یەکەمینیان ساڵی ١٩٢٥ و پێی دەگوترێت (یاسای بنەڕەتی ساڵی ١٩٢٥) و دەستووری ٢١ی تەموزی ١٩٥٨ و دەستووری ١٩٦٣ و دوو دەستوور لە ١٩٦٤ و دەستوورێک لە ١٩٦٨ و دەستووری ١٦ تەمووزی ١٩٧٠، هیچ یەکێک لەم دەستوورانە کورد بەشدار نەبووە لە نووسینیاندا و ئەمانە هەمووی دەستووری سیستەمە حوکمڕانەکان بوون و لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەی ناوی عێراقە کورد نەیتوانیوە بە ماف و خواستەکانی بگات. لە بنەڕەتدا دروستکردنی عێراق بۆ بەرژەوەندی وڵاتانی ئیستیعمار بووە و لکاندنی کوردستان بەو وڵاتەوە کارێکی ناسروشتییە، بەڵام مادام کورد گوتەنی شتەکە بوو ئەوا پێویستە کورد مافەکانی خۆی لەو دەستوورەدا بچەسپێنێ چونکە خەباتی چەندین ساڵەمان کۆکراوەتەوە لە دارِشتنی دەستووردا کۆدەبێتەوە و لە نووسینی دەستووردا بەرهەمی ئەو خەباتە دەچنینەوە و وەری دەگرین.

لە کوردەواریدا مەسەلەیەک هەیە دەڵێت (شەڕ لە شۆ نەک لە تۆ) پێویستە ئێمە ئێستە خەبات و مبارەزە بکەین بۆ چەسپاندنی خواستەکانمان نەک بکەوێتە دوای دەستوور چونکە دواکەوتنی بۆ ئەو کاتە کارێکی مەترسی دارە.

نابێت هیچ بوار و کەلێنێک بهێڵینەوە بۆ پاشەڕۆژ چونکە لایەنی بەرامبەرمان هەست ناکرێت نیەت پاکی تێدا هەبێت و ئەو ئەزموونەشمان هەیە کە ئێمە زۆرجار ئەو سەرکەوتنانەی لە سەنگەرەکانی بەرگریدا بە دەستمان هێناون لەسەر مێزی گفتوگۆ دۆڕاندومانن دیارە ئەمەش کارکردنی ورد و لێزانانەی دەوێت بۆ ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری کەلێنەکان پڕ بکرێنەوە و رێگە نەدرێت هیچ بەندێک رێگەی مناقەشە و تەفسیرکردنی پاشەڕۆژی بۆ بهێڵرێتەوە.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە دەبێت مافی چارەنووسی کورد لە دەستووردا بچەسپێت، چونکە ئەگەر لە پاشەڕۆژدا لایەنی بەرامبەر لە مەسەلەی فیدرالی پاشگەز بویەوە ئەو کات کورد چەکێکی یاسایی بەدەستەوەبێت بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی.

### سنووری جوگرافی کوردستان لە دەستووردا

ئەمە خاڵێکی چارەنووسازی گەلەکەمانە، ئێمە دەمانەوێت عێراقێکی فیدراڵی دروست بکەین و دیارە دەستووری دەوڵەتی فیدراڵی بەوە دەست پێدەکات بە جوگرافیای وڵات و هەرێمەکان و لە پێناسەی عێراقدا بۆ نموونە بەم جۆرە دەنوسرێت (عێراق پێکدێت لە

ئەوەندە هەرێم بەم جۆرە.. بۆ نموونە کاتێک باسی هەرێمی کوردستان دەکرێ پێویستە ژمارەی پارێزگاکانی ئەو هەرێمە و سنوورە جوگرافییەکەی دیاری بکریت لە دەستووردا و دەبێت دەقێکی دەستووری هەبێ کە ئەم سنوورانە قابیلی دەسکاری نەبن تەنیا بە ئارەزووی گەلی کوردستان نەبێت.

ئەمە زۆر گرنگە و دەبێت پێگیری لەسەر بکرێت و بە هیچ جۆرێک قابیلی سازش کردن نییە.

پاشان پرەنسیپەکانی دیموکراسی و حوکم و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەربەخۆیی دادوەریی ئەمانە دواتر دەنوسرێن.

بۆیە مەسەلە گەورەکان لێرەدان و سنووری جوگرافیای کوردستان ئەگەر پێش نووسینەوەی دەستوور ساغ نەکرێنەوە ئەوا دواتر کێشە و گرفتمان بۆ دروست دەبێت و لە چەسپاندنی سنوری جوگرافی هەرێمدا ئەو ناوچانەی لەسەر نابێت.

## TALوەک بنەما و TAL کەموکوڕییەکانی

شاراوە نییە کە TAL بە پێشکەوتنێکی گەورە دادەنرێت، چونکە زۆرێک لە خواستەکانی کورد تێیدا جێگەی بوویەوە و هەنگاوێکی باش بوو، دەتوانم بڵێم ٦٠٪ تا ٧٠٪ خواستەکانی کورد لەو یاسایەدا چەسپاون و گرنگترینیان چەسپاندن و پەیڕەوکردنی سیستەمی فیدراڵییە و ناساندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک حکوومەتێکی شەرعی لەو یاسایەدا هاتووە بۆیە پێویستە ئەوە بکرێتە بنەمای نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق خاڵێکی ئیجابییە.

لە ماددەی ٢٥ی TALدا دەڵێت (حکوومەتی ئیتیحادی پابەندە بە حەوت دەسەڵاتەوە کە لەوانەش (دەرەوە و بەرگری و ئابووری..هتد) هەرچی دەسەڵاتەکانی ترە لە ماددەی ٥٣ دا دراوەتە هەرێمەکان جگە لەوانەی لە ماددە (٢٥)دا هاتوون.

سیستمی فیدراڵی ئەمەریکا و سویسرا و ئوستراليا و بەلجیکا بەم جۆرەن کە لە سەرەوە باسمانکردن. لە مادەی ٤٤دا باسی دادگایەکی دەستووری دەکات کە ئێستا دامەزراوە بەناوی (المحكمه الاتحادیە العلیا) لە ٩ دادوەر پێک دێت و ئەم دادگایە دەسەڵاتێکی دادوەری دەستووری هەیە و تایبەتمەندە بە بڕیاردان لەسەر ئەو ناکۆکیانەی حکوومەتی یەکگرتوو هەرێمەکاندا یاخود لە نێوان خودی هەرێمەکاندا دروست دەبێت ئەم خاڵە لە سیستەمی فیدرالی ئەمەریکی وەرگیراوە لەوێش دادگای باڵا هەیە کە لە نۆ دادوەر پێکدێت و خۆیان تایبەتمەندن بە بڕیاردان لەسەر هەموو ناکۆکییەکان وەک بینیمان لە هەڵبژاردنەکانی نێوان بوش و ئالگۆردا ئەو دادگایە مەسەلەکەی یەکلایی کردەوە و بڕیاری بردنەوەی (بوش)ی دا.

کەواتە ئەمەش خاڵێکی باشە و دەبێت جەختی لەسەر بکەین کە ببێتە مەسەلەیەکی هەمیشەیی لە دەستووری عێراقدا، بەڵام پێویستە لەسەر پێکهاتەی ئەو دادگایە زۆر وریا بین و لەوێشدا لە ڕێژەکەدا گۆڵمان لێنەکرێت.

خاڵە لاوازەکانی TAL زۆرن و پێویستە کار بۆ ئەوە بکەین ئەو خاڵە لاوازانە چارەسەر بکرێن و دەکرێت هەندێک لەوانەش بە نموونە بهێنینەوە. لە هەموو سیستمێکی فیدرالیدا دەسەڵاتی یاسادان لە دوو ئەنجوومەن پێک دێت، بۆ نموونە ئەمەریکا ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پیرانی هەیە لە سویسرا ئەنجوومەنی نیشتمانی هەیە و ئەنجوومەنی دەوڵەتەکانیش هەیە، لە یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو ئەنجوومەنی نوێنەران هەبوو، ئەنجوومەنی کۆمارەکانیش هەبوو.

لە عێراقدا مادام سیستمی فیدرالیی پیادەکراوە پێویستە هەموو خاڵەکانی فیدراڵییەت جێبەجێ بکەین و بەلای منەوە گرنگترین خاڵی فیدراڵییەت ئەوەیە دوو ئەنجوومەن هەبێت یەکێکیان ئەنجوومەنی نیشتمانی و ئەویتر نییە کە دەکرێت ناوبنرێت ئەنجوومەنی هەرێمەکان یان ئەنجوومەنی میللەتەکان یان هەر ناوێکی تری هەبێت و ڕاستەوخۆ تەمسیلی هەرێمەکان بکات و پێویستە ڕێژەی نوێنەران لەو ئەنجوومەنەدا یەکسان بێت و لەسەر بنەمای گەورە و بچووکی هەرێمەکان نەبێت و ئەمەش دەبێتە پارسەنگ بۆ ئەوەی ئەگەر لە کۆمەڵەی نیشتمانی نوێنەرانی لایەک زۆر بوون زۆرینە نەتوانێت بە زۆربەی دەنگ مافی کەمینە و ئێمە پێشێل بکات.

لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دەبێت هەموو بڕیارێک بە دوو قۆناغدا بڕوات، قۆناغی ئەنجوومەنی نوێنەران و قۆناغی ئەنجوومەنی هەرێمەکاندا بڕوات بۆ ئەوەی ئەگەر لە یەکەمدا بە زۆرینەی دەنگ بێت پێویستە لە ئەنجوومەنی هەرێمەکاندا ئەوە ڕابگیرێت و هەڵوەشێتەوە، دیارە ئەمەش لە بەرژەوەندی ئێمەدایە.

خاڵێکی سلبی لە تاڵدا هەیە ئەویش یەکسانی لە نێوان هەرێمەکان و پارێزگاکانە، ئەمە لە سیستەمی فیدراڵیدا ناراستە، چونکە هەرێمەکان نیمچە دەوڵەتن تەنیا سەر،وەری دەرەوەی نییە و ئەو خاڵە سلبیە و دەبێت کورد ئاگاداربێت لەو ڕێگەیەشەوە فێڵی لێنەکرێت.

خاڵێکی تری لاوازی TAL مەسەلەی پێکهاتەی عێراقە و تێیدا هاتووە عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی عەرەبە و کورد پێک هاتووە و عەرەبی عێراق بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب و ئیدی باسی کورد نەکراوە و دەبێت ئەوەش ڕاسکرێتەوە کە کوردی عێراق بەشێکن لە نەتەوەی کورد، شتێکی تر هەیە کە کورد بە ئاگابێت لێی ئەویش ئەو بەندەیە لە دەستوورەکانی تردا هەبوو کە تێیدا هاتووە (عێراق بەشێکە لە ئوممەی عەرەبی) ئێستا دەیانەوێت ئەو بەندە دووبارە بکەنەوە و دەبێت زۆر وریابین لەو بارەیەوە.

ئەوەمان بیر نەچێت بارزانی نەمر لە ڕێکەوتنی ساڵی ١٩٧٠ ئەوەی بە عێراق سەلماند کە عێراق دوو نەتەوەیە ئەوانیش (کورد و عەرەب)ن و لە دەستووری عێراقدا ساڵی ١٩٧٠ هەموار کرا لە ماددەی ٨دا.

## ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووردا

دیاریکردنی ئەو بەڕێزانەی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ لیژنەی نووسینەوەی دەستوور دەبوایە لەسەر بنەمای شارەزایی و لێهاتووی بوایە، چونکە لەگەڵ ڕێزێکی زۆرمدا بۆ ئەوانەی خەباتیان کردووە، بەڵام ئەمڕۆ سەردەمی پسپۆری و تایبەتمەندییەتییە بۆ ئەوەی زۆرترین مافەکانت بە دەست بهێنی و لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم بۆ ئەو بەڕێزانەی لەو جێگەیدا کاردەکەن، بەڵام دەبوایە کەسی پسپۆڕ و تایبەتمەند لەوێدا دابنرایان هەرچەندە کەسانی لێوەشاوە و خاوەن بڕوانامەن، بەڵام ئەوەندەی من ئاگادارم لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانیدا کەسێک نییە پسپۆڕ و تایبەتمەندی بواری دەستووری تێدا نییە و ئەمەش خاڵێکی لاوازە و دەبێت هەوڵی پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە بدرێت و ئەو موبادەرەیەی سەرۆک بارزانی بۆ دامەزراندنی لیژنەی بەدواداچوونی دەستووری هەمیشەیی عێراق خاڵێکی باش بوو هەروەها پارسەنگی ئەو مەسەلەیە ڕادەگرێت.■